www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەک بۆ فایل دارەکان.... هەقی ئەوەیە پەیکەرتان بۆ دروست کەین.... . رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

هەرچیتان بەرامبەر گوترا بوختاتن ودرۆی شاخ دار بوو، ئاخر وەك دەركەوت ئێوە بە ئاگاداری قیادە و حزب و شۆرش سیخوریتان كردبوو، ئێمە خۆمان فایلمان لە شێخەلاو دەلال خانە بۆ دروست كردن، خۆمان قاتی زەیتونیمان بۆ درون و خۆمان گوتمان وێنەكانتان لە هاوكاری پاشكۆی عێراق دەن و خۆمان گوتمان لە ئەنفال بەژدار بن، خۆمان گوتمان هاخوتی هاخوتی بۆ كاكە سەدام بڵین، بەلی خۆمان پێمان گوتن لە رۆژی لە دایك بوونی كاكە سەدام منداڵی كورد و كچە شۆخەكانمان بۆ بەغدا بن و لەبەردەم كاكە سەدام زێرە زێرە بڵێن، نا نا بمان بەخشن ئێوە سیخوری شۆرش و راپرین بوون، ئێوە لە پێشمەرگە پێشمەرگە تر بوون، لەرێكخستنەكانی شار زیاتر مونەزم وگورج و گۆلتربوون یەكەم بروسكەی راپەرین لە ئێوەوە بۆ شاخ چوو، ئێوە دەستەی هجوم بوون، راپەرین ئێوە كردتان ئێوە شارتان ئازاد كردوو سی رۆژ پاشتر پێشمەرگە گەیشتە شار، ئێوە ئێمەتان فێری زمانی كوردی كرد و بەواسیتەی ئێوە منداڵەكانمان زانكۆیان تەواو كردوو دكتۆراو ماجستێریان وەرگرت، ئێوە ناوی گەرەكانی شارتان گۆری حەی سەدامتان كرد بە كوردستان و 7 نیسانتان كرد بە راپرین و ئێوە پاركتان دروست كرد نەخۆشخانەتان دروست كرد قوتابخانە و شۆستەتان دروست كرد ئێوە واتان كرد هەستی نەتەوایەتیمان بەرز بێت و كەركوكتان گەراندەوە سەر كوردستان و پێش پیشمەرگە كەوتن بۆ رزگاری نیشتیمان ئێوە خەرقی جیهازی موخابەرات و ئیستخبارات و میت و ئیتلاعات و موساد و ئەنتربۆلتان كرد تا زانیاریتان دەست كەوێت بۆ شۆرش و راپەرین ئێوە لەیەكەم دادگای سەدام وسەرانی شایەدیتان دا، ئێوە لە پاش راپەرین خۆتان ناونوس نەكرد بۆ بەعسیاتی و پەیمان تازە كردنەوە ئەوە باپیرەم بوو كە لە ساڵی 1988 مردوە بەلی باپیرەم بوو ئێوە نەبوون، ئێوە كۆبۆنی نەفتان وەرنەگرت بەرامبەر دڵسۆزیتان بۆ كوردستان، بمان بورن ئەوە هەمووی بوختان بوو ئێمە بۆ ئێوەمان هەڵبەست، كە ویستیان سەركردەكانمان تیرۆكەن ئێوە ئاگادارتان كردنەوە نەخشەی موخابەراتان كەشف كرد ئێوە خۆتان كردە درع لە بەردەمیان، ئێوە بوون ژن و منداڵەكانی گەرمیانتان شاردەوە تا ئەنفال نەكرێن، ئێوە هەڵەبجەیەكانتان ئاگادار كردوە را بكەن پێش كیمیایی لێدان، ئێوە بوون واتان كرد گەنجانمان هەردەم بڵێن خوایە واتەن ئاوا كەی چەند دڵگیرو شیرینە....

بمان بوورن ئەی فایلدارە بەرێزەكان وەك دەركەوت ئێمە هەڵە بووین كە پێمان وتن جاش و فایلدار.
دەرچوو ئێمەمانان خۆمان فایلدار بووینە!!
جا بۆیە ئێوە شایەنی پەیكەرێكن لە فایل..